Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.2

# پەیوەندی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی توانستی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستا و کارگێری قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگاری هەولێر

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rangin Sadeeq Bakr
Rangin.bakr@uoh.edu.iq

RECEIVED :23 /11/2024
ACCEPTED :01/03/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**ڕەنگین صدیق بکر/** بەشی زانستەکۆمەلآیەتییەکان ، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە ،هەڵەبجە،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**ئەمیرە حسین شریف/** بەشی زانستەکۆمەلآیەتییەکان,کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سەلاحددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕاهێنان لە ماوەی خزمەتدا ،ستراتیژییەتی ڕاهێنان ، توانستی وانە گووتنەوە، بەڕێوبەری قوتابخانە ، مامۆستا

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی پەیوەندی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی توانستی وانەگووتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستا و کارگێری قوتابخانەکانەوە. ڕێبازی وەسفی پەیوەستی بەکارهێنراوە.

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە فۆرمی پرسیارنامە، کە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان ( ڕۆڵی ستراتیژیەتی ڕاهێنان) و دووەمیان (توانستی وانەگووتنەوەی مامۆستان)، هەریەک لەم فۆرمانە لە (20) برگە پێکهاتووە و دابەشکراوە بەسەر چوار تەوەر. لەم توێژینەوەیە مامۆستا و کارگیری قوتابخانەکانی سنوری بەرێوبەرایەتیی پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر وەک کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە دیاریکراوە و (400)نموونەی لێ وەرگیراوە.

لە ئەنجامدا دەرکەوتووە، کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان ستراتیژیەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و گەشەپێدانی توانستی وانەگووتنەوەی مامۆستایان هەیە، هەروەها گۆڕاوەکانی (سالآنی خزمەت و ناونیشانی پیشەی ) کاریگەرییەکی بەڵگەداری لە سەر جیاوازی ناوەندی وەلآمی نموونەی توێژینەوە بۆ هەردوو پێوەری توێژینەوەکە نییە، گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری لە ئاستی بەڵگەداری لە ناوەندی وەلآمی نموونەی توێژینەوە بۆ پێوەری توانستی وانەگووتنەوە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ دا هەیە.

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی پەرەپێدانی لایەنی پسپۆری و زانستی مامۆستایان کراوە، ئەمەش لە ڕێگایی پێشکەشکردنی سیمنار لە نێوان مامۆستایان بۆ باشترکردنی توانای زانستی و پسپۆڕیان کردووە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1ناساندنی توێژینەوە:

### 1.1.پێشەکی:

جیهان لە گۆڕانکاری بەردەوام و خێرادایە، ئەم گۆڕانکارییە تەواوی بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە، بواری پەروەردەو فێرکردن وەک هەر بوارێکی تر بەدەرنین لە گۆڕانکارییەکان، بەردەوام بوون و گونجان لەگەڵ تەوژمی گۆڕانکارییەکان وڵاتانی ناچاری پێداچوونەوە بە ئامانج و پلانی کارکردنیان لەم بوارەدا کردووە، بە مەبەستی چاکسازی، تازەگەری ، گۆڕانکاری ، پەرەپێدان، شیاندن، پەنا دەبەنە بەر ئەنجامدانی ڕاهێنان، کە فاکتەری سەرەکی گونجانە لەگەڵ ئەم داواکارییانە، هەروەک التعانی (2010،ل. 16) پێی وایە، کە ڕاهێنان پرۆسەی هەماهەنگی نێوان تاکەکانە، بۆ بەرەوپێشبردنی شارەزایی و توانا و کارامەییەکان لە پێناو دروستکردنی گۆرانکاری لە رەفتارڕو ئاراستەی تاکەکان بۆ دڵنیابوون لە ئەرێنییەتی کارکردندا.

پەروەردەکردنی مامۆستایان لە ڕێگای ڕاهێنانیان لە ماوەی خزمەتدا بووەتە پێویستییەکی پیشەیی بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای مامۆستایان، لە پێناو گەیشتن بە تازەگەرییەکانی بواری پەروەردە بە گشتی و وانەگوتنەوە بەتایبەتی، هەروەها ئاشناکردنیان بەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی، کە لە بواری فێربوون و فێرکردن هاتووەتە کایەوە، هەروەکو الخولی ( 2015،ل. 14) ئاماژەی بۆ دەکات، کە ڕاهێنانی مامۆستایان لە ماوەی خزمەتدا بووەتە داواکارییەکی پێویست، بۆئەوەی مامۆستا توانا و لێهاتووییەکانی سنوردار نەبێت، بەتایبەت کە بەرپرسیاریەتی نوێکردنەوەی زانیاری و لێهاتووییەکانی لە ئەستۆ دایە و بەردەوام پێویستی بە نوێکردنەوە و گۆڕانکارییە لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەندین و پرۆژە و پرۆگرامی جیاواز ساڵانە لە جیهاندا پێشنیار دەکرێن و بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەماوەی کارکردنیاندا دەخرێنە بواری جێبەجێکردن.

ستراتیژییەتی ڕاهێنان وەک پرۆژەیەکی پەروەردەی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لە ماوەی خزمەتدا لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا خراوەتە بواری جێبەجێکردن، کار لەسەر پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی مامۆستایان دەکات، لەڕێگای ئاشناکردنیان بە ڕێگا نوێکانی وانەگوتنەوە، تەکنەلۆژیای فێرکاری، چۆنیەتی مامەڵە لەگەل فێرخوازاندا، هەڵسەنگاندن و بەرێوەبردنی پەروەردەی ...هتد.

یەکێک لەم لایەنانەی کە لە چوارچیوەی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان بە بایەخەوە سەیر دەکرێت، توانستی وانەگوتنەوەیە، کە هەموو ئەو توانا و کارامەیی و ئامرازانە دەگرێتەوە، کە پێویستە لە مامۆستادا هەبێت بۆ مومارەسەکردنی پیشەی فێرکردن بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە و ئەداکردنی پرۆسەی وانەگوتنەوە لەناو پۆلدا، کە هەریەک لە کارامەییەکانی پلاندانان، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و ئامرازە فێرکارییەکان و بەرێوەبردنی پۆل و هەڵسەنگاندن لەخۆدەگرێت، بێگومان گەشەپێدانی توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان کاریگەریی لەسەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەگشتی و هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەتایبەتی هەیە، هەروەها ڕۆڵی دیاری لە باشترکردنی دەرئەنجامەکانی فێربوون و توانای بەدەستهێنانی فێرخوازان لەناو پۆلدا هەیە.

دەستەی بەرێوەبردن و کارگێری قوتابخانەکان ڕۆلی دیاریان لە سەرخستنی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە چوارچێوەی قوتابخانەکاندا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێکارانەی ئەنجامی دەدەن بۆ دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو و لەبار بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێکارەکان و دابینکردنی پێویستییەکانی پرۆسەی فێرکردن، هەروەها ئاراستەکردن و سەرپەرشتیکردنی مامۆستا و فێرخوازان لەنێو قوتابخانەکاندا. مامۆستا و کارگێری قوتابخانەکان دوو پێکهاتەی گرنگی پرۆژەی ستراتیژییەتی ڕاهێنانن، بێگومان تێروانین و بۆچوونەکانیان کاریگەریی دیاری لە دەستنیشانکردنی پەیوەندی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕۆلی لە پەرەپێدانی توانستی وانەگوتنەوە لە ناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا هەیە.

### 2.1کێشەی:توێژینەوە

کارکردنی مامۆستا لە کەرتی پەروەردەدا یەکێکە لەم پیشانەی کە پێویستی بە گۆڕانکاری و پەرەپێدانی

بەردەوام هەیە، بە پشتبەستن بە گۆرانکارییەکانی سەردەم و داواکاری و پێویستییەکانی کۆمەڵگا. ئامادەکردنی مامۆستایان و پەرەپێدانی توانستە پیشەییەکانیان بووەتە هۆی ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دامەزراوە پەروەردەییەکان پرۆگرامی جیاواز بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەماوەی خزمەتکردنیان لە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێنن، بە ئامانجی گەشەپێدانی کارامەیی زانستی و توانستی وانەگوتنەوە یان چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگەکانی مامۆستایان لە پرۆسەی فێرکردندا ، هەروەها سنورداری و لاوازی ئاستی مامۆستایان لە وانەگوتنەوەدا زۆرجار هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان، ئەمەش بەهۆی کەموکوری لە ئامادەکردنی مامۆستایان لە دەستپێکی کارکردنیان وەک مامۆستا، کە بەشدار دەبن لە خولێکی چەند مانگەی شیاندن، هەروەها خودی مامۆستایان هەوڵی پێویست بۆ نوێکردنەوەی زانیاری و پەرەپێدان بە کارامەییەکانیان لە وانەگوتنەوەدا نادەن، سەرباری ئەمەش زۆربەی توێژینەوەکانی بواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوە ئاماژە بە سنورداری توانست و کارامەیی مامۆستا لەنێو قوتابخانەکاندا دەکەن، لە ڕووی بەکارهێنانی ڕێگا نەریتی (باوەکان) لە وانەگوتنەوەدا و لاوازی لە پلاندانان و هەڵسەنگاندنی فێرخوازاندا.

بۆ ئەم مەبەستە پرۆژەی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان خراوەتە بواری جێبەجێکردن، کە یەکەم ساڵی کارکردنی تایبەت بوو بە ئاشناکردنی مامۆستایان بە بەکارهێنانی ڕێگا نوێکانی وانەگوتنەوە و چۆنیەتی دانانی پلانی وانەگوتنەوە و جێبەجێکردنیان لە پۆلدا، کە لە لایەن ڕاهێنەرانەوە بۆ مامۆستا و دەستەی کارگێری قوتابخانەکان خرایەڕوو.

هەروەک محمد و حەمە ئەمین(.2022ل 195 ) پێیان وایە : گواستنەوە و گۆڕینی بابەتێکی گشتی بۆ پرسیار یان کێشەیەک کە شیاوی توێژینەوە بێت، یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوە، لە سۆنگەی گرنگی و بایەخی ئەم پرۆژەیە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە پیشەی مامۆستایان بەتایبەت توانستی وانەگوتنەوە، هەروەها وەک بابەتیکی نویَ و ڕاستەقینەی بواری پەروەردە بووەتە جێگای سەرنج و پرسیاری توێژەران . بۆ دیاریکردنی پەیوەندی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییەتە و کاریگەریی لەسەر توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان ئامانجی سەرەکی توێژەرانە، لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدرێت، کە بریتییە لە (پەیوەندی ستراتیژییەتی ڕاهێنان مامۆستایان و ڕۆلی لە گەشەپێدانی توانستی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستا و دەستەی کارگێری قوتابخانەکانەوە؟)

### 3.1 بایەخی تویژینەوە:

– لەم توێژینەوەیە تیشک خراوەتە سەر بابەتێکی سەردەمی و گرنگی کەرتی پەروەردە، ئەویش ڕاهێنانی مامۆستایانە لە ماوەی خزمەتدا، کە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیپرۆژەی ستراتیژییەتی ڕاهێنان و رۆڵی لە پەرەپێدانی توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان، دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەگشتی و بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی شاری هەلێر بەتایبەت، ئەمەش لە ڕێگای ئەم داتا و زانیارییانەی کە خراوەتەڕوو و بۆچوونی مامۆستایان و دەستەی کارگێری قوتابخانەکان پیشان دەدرێت دەربارەی ستراتیژییەتی ڕاهێنان و توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان،

– دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دیزاینەران و جێبەجێکارانی ئەم پرۆژە دەدات، لەڕێگای خستنەڕووی ئەم لایەنانەی پرۆژەی ڕاهێنان کە مامۆستایان تیایدا سوودمەند بوونە لە گەشەپێدانی توانستی وانەگوتنەوەیان.

– ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەگشتی و بەرێوبەرایەتی پەروەردەی شاری هەولێر سەبارەت بە دیاریکردنی ئاستی توانستی مامۆستایان لە وانەگوتنەوە و هەروەها ئەو لایەنانەش دەستنیشان دەکرێت، کە مامۆستا کارامەیی پێویستی لە وانەگوتنەوەدا نییە.

### 4.1 پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیەدا کار بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەکرێت:

.1 ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان لەسەر پەرەپێدانی توانستی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە؟

.2ئایا جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بەگوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، ناونیشانی پیشەیی) بۆ هەریەک لە ڕەهەندەکانی ئامرازی توێژینەوە( ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان، توانستەکانی وانەگوتنەوە) لە ڕوانگەی مامۆستایان و کارگێری قوتابخانەکان هەیە؟

.3 بە بۆچوونی مامۆستایان و کارگێری قوتابخانەکان توانستی وانەگوتنەوە لە چ ئاستێکدایە ؟

.4 ئایا پەیوەندی لە نێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنان و توانستەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستایان هەیە؟

### 5.1 ئامانجی توێژینەوە:

- دیاریکردنی پەیوەندی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی توانستی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایان و کارگێری قوتابخانەکانەوە.

- دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، ناونیشانی پیشەیی) لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕەهەندەکانی ئامرازی توێژینەوە (ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان، توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان).

### 6.1 گریمانەی توێژینەوە:

1.نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماژەی ئاماری (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ تەوەرەکانی هەردوو ڕەهەندی ئامرازی توێژینەوە (ستراتیژییەتی ڕاهینان، توانستی وانەگوتنەوە) بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت ، ناونیشانی پیشەیی).

2.نەبوونی پەیوەندی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماژەی ئاماری (0.05) لەنێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنان و توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان.

### 7.1بوارەکانی توێژینەوە:

بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە جێبەجێ کراوە لەسەر مامۆستایان و کارگێری قوتابخانەکان لە ناوەندی شاری هەولێر.

بواری شوێنی: قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی ناوەند لە شاری هەولێر.

بواری کات: وەرزی یەکەمی خوێندنی ساڵی(2024-2025).

### 8.1 پێناسەی زاراوەکان:

1. ڕاهێنان لەماوەیی خزمەتدا:

-ئەو زانیاری وچالاکی و پێویستییانەیە یارمەتی باشترکردنی ئەدا و پێشخستنی ئاستی پیشەیی مامۆستا دەدات، بە پشتبەستن بە بەرنامەی قوتابخانەکان یان بەشی مەشق و ڕاهێنان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە (السمور 2006،ل. 469).

-بریتییە لە هەموو خول و چالاکییەکانی پەیوەست بە پیشەیی مامۆستا، کە ئامانجی بەهێزکردنی ئاستی زانیاری و پسپۆری و کارامەییەکانی مامۆستا بێت لە کرداری وانەگوتنەودا.(Osamwanyi ,2016, p.83)

پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە: پرۆسەیەکی ڕێکخراوە ئامانجی گەشەپێدانی تواناکانی مامۆستایانە لە لایەنی شارەزایی پسپۆڕی و توانستی وانەگوتنەوە لەماوەی خزمەتی لە قوتابخانەکاندا .

2.توانستی وانەگوتنەوە:

-بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و کارامەیی و ئاراستەی پێویست بۆ سەرکەوتنی مامۆستا لە ئەنجامدانی پیشەی وانەگوتنەوە (شحاتة 2003،ل.246)

Jiangang. et al (p.8, 2024) -وا پێناسەی کردووە، کە (بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لۆژیکی، کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکانی وانەگوتنەوە بەشێوەی پەسندکراو.

پێناسەی ڕێکاری توێژینەوە: بریتیە لەو کارامەیی و لێهاتووییانەی مامۆستا ئەنجامی دەدات لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی وانەگوتنەوە و باشترکردنی دەرئەنجامی فێرکردن .

## 2.لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### 1.2 لایەنی تیۆری توێژینەوە:

### 1.1.2 ڕاهێنان لە ماوەی خزمەتدا و بایەخی لە بواری پەروەردە و فێرکردن:

ڕاهێنانی مامۆستایان لە ماوەی خزمەتدا ئەکێکە لەم بابەتانەی، کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا گرنگی زۆری پێ دەدرێت، لەپێناو ئەنجامدانی گۆرانکاری و نوێگەری لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، زۆرجار ئەنجامدانی ئە م گۆڕانکارییانە وەک شۆرشێک دەردەکەوێت، کە فەلسەفە و ئامانج و تێروانین و ستراتیژییەتی کارکردنیتاکەکانی گۆمەڵگا دەگورێت بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی گۆرانکاری و نوێگەرییەکان کار لەسەر ڕاهێنانی مامۆستایان دەکرێت بە مەبەستی شیاندن و ئامادەکردنی مامۆستایان لەم بوارەدا، هەروەکو حسانین,2008) ل. (828 پێی وایە، کە هەر ڕوداوو و گۆڕانکارییەک بۆ پێشخستنی بواری پەروەردە ئەنجام بدرێت تەنها بە مامۆستایەکی ئاست بەرزو و کارامە و لێهاتوو ئەنجامی دەبێت. ڕاهێنان بایەخی دیاری هەیە، لێرەدا بە کورتی خراوەتەروو:

1.ئاگایی مامۆستایان لە ئاستی ئەو تازەگەرییانەی کە لە بواری پسپۆڕی و پەروەردەیی هاتووەتەکایەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پێشخستنی توانستی مامۆستایان لە رووی پیشەیی و ئەدایی کارکردنیان (آلفرا 2013،ل. 16)

2.توانای بروابەخۆبوون لای مامۆستایان زیاد دەکات، بەهۆی باشترکردنی توانای ئەداکردنیان لەناو پۆلدا.

3.ڕاهێنان یارمەتیدەرە لە بەرزکردنەوەی کوالێتی جۆریەتی فێربوون (تمام, طة 2013 ،ل. 25) ، ئەمەش لەڕێگای گەشەپێدانی توانای زانستی و کارامەیی وانەگوتنەوە مامۆستایان.

4.ڕاهێنانی مامۆستایان یارمەتی کەمکردنەوەی گرفتەکانی مامۆستایان دەدات، لەرووی مامەڵەکردن لەگەڵ فێرخوازان، بەڕێوەبردنی پۆل، پەیڕەوکردنی ڕێنمایەکانی سەرپەرشتیاران .

.5ڕاهێنان بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەریی لەسەر ئاستی دەسکەوتی فێرخوازان و دەرئەنجامی فێربوونیان دەبێت، چونکە کار لەسەر گەشەپێدانی توانستەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستایان دەکات.

### 2.1.2 ستراتیژیەتی ڕاهێنانی مامۆستایان:

بەرنامەیەکی ڕاهێنانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە بواری جێبەجێکردن، بەمەبەستی پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی مامۆستایان لە ماوەی خزمەتدا، پرۆژەیەکی پلان بۆدانراو و درێژخایەنە و چەندین ئامانج لەخۆدەگرێت، ئەم پرۆژەیە وەک هەر بەرنامەیەکی ڕاهیێنان بەچەند قۆناغێک تێپەردەبێت ئەوانیش:

1-پلاندانان: لەم قۆناغەدا پێویستییەکان بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان دیاری دەکرێت، ئەو گرفتانەی کە پێویستیان بە چارەسەرە ڕوون دەکرێنەوە و لەسەر ئەم بنەمایە ئامانجەکانی کارکردن دیاری دەکرێن، وەک لە ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر (,2023ل.7)ئاماژە بۆ ئەم بوارانەی کاریان لەسەر دەکرێت کراوە، وەک (ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، بەرێوەبردنی پۆل، بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن، دروستکردنی مامۆستای بەڕێوەبەر، هەڵسەنگاندنی قوتابی و دانانی پرسیار، چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ قوتابی بزێو، تێگەیشتنی مامۆستا بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، بەکارهینانی تەکنەلۆژیا لەبواری پەروەردەدا).

هەر لەم قۆناغەدا ڕێکاری جێبەجێکردنی بۆ دیاری دەکرێت، کە بریتییە لە دیاریکردنی ژمارەیەک مامۆستا وەک ڕاهێنەر، ئەمەش دوای بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی دیداکتیکی(40) کاتژمێری وەزارەتی پەروەردە و لە داهاتوشدا خولی ڕاهێنان دەربارەی تەوەرەکانی تری پرۆژەکە دەبینن، دواتر ڕاهێنەر هەفتەیی یەک وانە ڕاهێنان لە قوتابخانەدا پێشکەشی مامۆستایان دەکات، ئەمەش بە پێی ڕێکەوتن لە گەڵ دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە سەبارەت بە کات و شوێنی ڕاهێنان، مامۆستا پێویستە ئامادەی وانەی ڕاهێنەر بێت.

2-جێبەجێکردن: ئەم پرۆژەیە لە ساڵی خوێندنی (2023-2024) خراوەتە بواری جێبەجێکردن، ڕاهێنان لە لایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە بۆ هەردوو وەرزی خوێندن بەردەوام دەبێت.

-3 هەڵسەنگاندن: دوای ئەنجامدانی پرۆسەکە هەڵسەنگاندن لە لایەن ڕاهێنەر و بەرێوەبەر بۆ مامۆستا ئەنجام

دەدرێت، هەروەها فیدباکی دەربارەی وانەگوتنەوەی مامۆستا لە قوتابیان وەردەگیرێت لە لایەن مامۆستای ڕاهێنەرەوە، هەروەها لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا مامۆستای ڕاهێنەر سەردانی پۆلی مامۆستا دەکات، بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی گوتنەوەی وانەکە و ئاستی لە پراکتیک کردنی میتۆدەکان کە ڕاهێنانی لەسەریان ئەنجامداوە.

### 3.1.2 توانستەکانی وانەگوتنەوە:

لە بنەڕەتدا توانست هەموو ئەوتوانا بەدەستهاتوانە دەگرێتەوە، کە یارمەتی ئەنجامدانی ڕەفتارێک یان کارێک دەدات لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، پێکدیت لە زانیاری و کارامەیی و توانا و ئاراستەکانی تاک لە کارێکی دیاریکراودا. توانستی وانەگوتنەوە ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کارامەیی و توانای پێویستە بۆ جێبەجێکردنی وانە کە پەیرەو دەکرێن لەلایەن مامۆستا وە، ئەم توانستانەش پەیوەستە بە بوارەکانی (ناوەڕۆکی پرۆگرام، ئامانج، پلانی وانەگوتنەوە، ئامراز و چالاکی فێرکاری ، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، بەڕێوەبردنی پۆل، هەڵسەنگاندن(غبرة، 2023ل.558). هەروەها راشد( 2005،ل.56) ئاماژەی کردوە بۆ شێوەکانی توانستی وانەگوتنەوە کە بریتییە لە:

-توانستی زانینی: ئاستی زانیاریی مامۆستایە دەربارەی بابەتی وانەکە و پرۆگرامی خوێندن.

-توانستی هەڵچوونی: پەیوەستە بە بەها و ئاراستە و جێبەجێکردنی مامۆستا.

-توانستی جێبەجێکردن (ئەداکردن)ڕەفتار و مامەڵەی مامۆستایە لە وانەگوتنەوەی لەناو پۆلی خوێندندا.

### 4.1.2 کارامەییە پێویستییەکانی وانەگوتنەوە:

1- دانانی پلانی ڕۆژانە: نەخشەی مامۆستایە بۆ ڕێنیشاندان و ئاراستەکانی بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانی وانەگوتنەوە،هاندەرێکە بۆ زیادکردنی متمانە و باشترکردنی جێبەجێکردنی وانەکە لە پۆلدا (سبيتان2014 ل. 41)، پلاندانان پێویستی بە لێهاتوویی مامۆستایە لە دانانی ئامانجی (ڕەفتاری و سۆزی، جووڵە)ی بۆ وانەکە، هەروەها دیاریکردنی چەمک و بابەتەکانی وانەکە و ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و ئامرازە فێرکارییەکان و هەڵسەنگاندن بۆ دڵنیابوون لە ئاستی هاتنەدی ئاما نجەکانی وانەکە.

2- بەڕێوەبردنی پۆل: بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات بۆ دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا (سلامة 1993ل. 55). ئەم کارامەییە یارمەتیدەرە لە سەرکەوتوبوونی پرۆسەی وانەگوتنەوە لەناو پۆلدا، بەدیهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکانیوانەکە. بەڕێوەبردنی پۆل چەند لایەنێک لەخۆدەگرێت، وەک دروستکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی فێرکردن و هەروەها بەکارهێنانی تەختەی نوسینی ناو پۆل هەروەک النعيمي (2020،ل.21) پێی وایە، کە تەختەی نوسین بە ئامرازێکی بینین دادەنرێت، کە وشە و وێنە و شێوە ئەندازەیی و ماوە و کاتی لەسەر دیاری دەکرێت،گرنگی خۆی هەیە لە بەڕێوەبردنی پۆلدا.

3- ڕێگاکانی وانەگووتنەوە: ئەمشێوازەیە کە مامۆستا بۆ ڕێکخستنی هەڵوێست و ئەزموونەکانی لەڕێگای پلانی دارێژراو بۆ هێنانەدی ئامانجە خوازراوەکان بەکاری دەهێنێت(محمد 2021ل35.).کارامەیی مامۆستا لە هەڵبژاردنی ڕێگا و شێوازی گونجاو بۆ ناوەڕۆکی وانەکە و لێهاتوویی لە جێبەجێکردنی ڕێگاکان لە پۆلدا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە سەرکەوتوبوونی مامۆستا لە وانەگوتنەوەدا.

4- هەڵسەنگاندن : پرۆسەیەکە ئامانجی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە بەمەبەستی شیکردنەوەی و لێکدانەوە یان بۆ بڕیاردان لەسەر ڕادەی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان و ئەنجامدانی پێشخستن و چاکسازی کردن تیایدا(رسول 2017،ل.74). هەروەها الجقندی ( 2008، ل.182 ) پێی وایە، لە ڕێگای هەڵسەنگاندنەوە مامۆستا دەتوانێت بڕیار لەسەر ئاستی گونجاوی ڕێگای وانەگوتنەوە و ئامرازی بەکارهاتوو و پرۆگرامی خوێندن بدات، مامۆستایی کارامە کار لەسەر چاکسازیکردن دەکات لەم لایەنانەی گرفتی هەیە.

## 2.2 توێژینەوەکانی ڕابردوو و شیکار و بەراوردکردنیان:

### 1.2.2 توێژینەوەکانی ڕابردوو:

– توێژینەوەی Al faidi and Elhassan : ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی سعودیە لە ساڵی (2020) ئەنجامدراوە، دەربارەی ڕۆڵی پرۆگرامی ڕاهێنان لە ماوەی خزمەتدا و کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی مامۆستایان، ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسی دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوە، کە بریتییە لە (500) مامۆستا، دوای شیکردنەوەی داتاکان، گەیشتووە بەم دەرئەنجامەی کە بەرنامەی ڕاهێنانەکانی ناو خزمەت کاریگەریی لەسەر یەک لایەنی گەشەپێدانی مامۆستایان هەبووە، کە ئەویش پەیوەندی بە لایەنی پسپۆری و پیشەی مامۆستایانەوە بووە .

– توێژینەوەی القرني و دعرم: ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی سعودییە لەساڵی(2020) ئەنجامدراوە، ئامانجی دیاریکردنی ڕۆل و کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنان لە ماوەی خزمەتدا لە بەرزکردنەوەی توانستی مامۆستایان، لەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە، فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازی توێژینەوە بەکارهێنراوە و دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوە، کە بریتییە لە (972) مامۆستا، گەیشتووە بەم ئەنجامەی کە پرۆگرامی ڕاهێنان لەماوەی خزمەتدا ڕۆڵی دیاری هەیە، لە بەرزکردنەوەی توانستی مامۆستایان لە لایەنەکانی کارامەیی قوتابیان لە گەشەپێدانی فێربوونی خودی و ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکی نێوان قوتابیان ، کارامەیی مامۆستایان لە دانانی پلانی وانەگوتنەوەی ڕۆژانە و وەرزی و ساڵانە، هەروەها کارامەبوون لە هەڵسەنگاندنی قوتابیان بەشێوەی پێشەکی و پاشەکی، گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان مامۆستایان لەناو قوتابخانەکان .

– توێژینەوەی النعيمي : ئەم توێژینەوەیە لەوڵاتی ئوردن لە ساڵی (2020) ئەنجامدراوە، دەربارەی ڕۆڵی خولەکانی ڕاهێنانی مامۆستایان بۆ پۆلە یەکەمەکانی خوێندن لە گەشەپێدانی کارامەیی وانەگوتنەوەی کارا لە ڕوانگەی مامۆستایان . توێژەر ڕێبازی وەسفی ڕووپێوی پەیرەوکردوە بۆ ئەم مەبەستە ئامرازی ڕاپرسی ئامادەکردوە، کە لە (38) بڕگە پێکهاتوە ، دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە کە (232) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز پێکهاتووە، دوای شیکردنەوەی داتا دەرکەوتووە کە خولەکانی ڕاهێنان ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کارامەیی گووتنەوەی کارا، جیاوازی هەبووە لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە دەربارەیی ڕۆڵی خولەکای ڕاهێنان بە پێی گۆڕاوەکانی (ئاستی زانستی و ژمارەی خولەکان)، گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) کاریگەریی نەبووە لەسەر جیاوازی وەڵانی نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی ئامرازی ڕاپرسییەکە.

– توێژینەوەی الجراح و أبو عاشور: ئەم توێژینەوەیە لە وڵاتی ئوردن لە ساڵی (2021) ئەنجامدراوە، دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەریی پرۆگرامی ڕاهێنانی مامۆستایانی نوێ و پەیوەندی بە باشترکردنی ئەدایان لە ڕوانگەی (مامۆستایان و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاران) لە پارێزگای ئەربیدا. ڕێبازی وەسفی (ڕاپێوی) پەیرەو کراوە، فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە وەک ئامرازی توێژینەوە، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە ، دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوە کە بریتییە لە (500) مامۆستا وبەرێوەبەر و سەرپەرشتیار، ئەنجامی ئەم توێژینەوە بریتییە لە پرۆگرامی ڕاهێنانی مامۆستایان کاریگەرییەکی ئاست بەرزی هەیە لە باشترکردنی ئەدای مامۆستایان لە پرۆسەی وانەگوتنەوە دا . هەروەها جیاوازی هەبووە لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ گۆڕاوی ئاستی زانستی ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندی هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس بووە، لە هەمان کات گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ئاستی پیشەیی)ی کاریگەریی نەبووە لە سەر جیاوازی بۆ چونییان سەبارەت بە برگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە.

### 2.2.2شیکارو بەراورد کردنی توێژینەوەکانی ڕابردوو:

1. لە ڕێگای بەراوردکردنی ئەم توێژینەوانە بە توێژینەوەی ئێستا چەند خاڵێکی جیاواز و هاوبەشیان هەیە ، ئەم توێژینەوانەی خراونەتە ڕوو لە کۆمەڵگا و نموونەی جیاواز ئەنجام دراوە کە تەواو جیاوازە لەکۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، هەروەها بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوە ڕێبازی وەسفیان (ڕاپێوی) ی بەکارهێنراوە، لەم توێژینەوەیە

ڕێبازی وەسفی (پەیوەندی) پەیرەوکراوە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ئامرازی توێژینەوایان بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی، کە ئەمەش خاڵی هاوبەشە لەنێوان ئەم توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشوو.  هەریەک لەم توێژینەوانە گەیشتوون بەم ئەنجامەی کە ڕاهینانی مامۆستایان ڕۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی وانەگوتنەوە بە شێوەیەکی گشتی. هەر چەندە جیاوازی هەیە لەوەڵامی نموونەی توێژینەوەکان  لە گۆڕاوەکانی(ڕەگەز ، سالانی خزمەت ، ژمارەی خولەکان ، ئاستی پیشەی)، وە هەریەک لە توێژینەوەکانی (النعيمي  ) و (الجراح و أبو عاشور) جیاوازی ئاستی زانستی نموونەی توێژینەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

2. ئەم توێژینەوانەی ئاماژەیان بۆ کراوە، چەند گرنگییەکیان هەیە بۆ ئەم توێژینەوەیە ، لەڕووی دارشتنی پرسیاری توێژینەوە و ڕێکاری ئەنجامدانی کاری مەیدانی توێژینەوە و ئامادەکردنی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی بەتایبەت توێژینەوەی (الجراح و أبو عاشور) ، هەروەها ئاشنا بوون بە کۆمەڵێک سەرچاوە و لایەنی ئەدەبی پەیوەست بەم توێژینەوەیە.

## 3. ڕێکاری توێژینەوە:

### 1.3ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی  وەسفی (پەیوەندی)  پەیڕەو دەکرێت، کە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوخۆیی دیاردەکان یاخود پەیوەندی دەرەکی دیاردەکە بە دیاردەیەکی ترەوە, ئەم ڕێبازە ئامانجی دۆزینەوە و وەسفکردنی هێزی پەیوەندی نێوان گۆڕاوە جیاوازەکانە (عبدالله، 2011ل. 59).

**2.3کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوە:** مامۆستایان و دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەند لە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونەیەک لە کۆمەڵگایی توێژینەوەکە دیاریکراوە، کە بریتییە لە (400) نموونە.

**3.3 ئامرازی توێژینەوە:** ئامرازی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە کە بریتییە لە فۆرمێکی ڕاپرسی، کە پێکهاتووە لە دوو لایەن یەکەمیان (ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان) کە لە چوار تەوەرلەخۆدەگرێت، کە بریتین لە (ئامانجی ڕاهێنان ، ناوەڕۆکی ڕاهێنان ، کارامەیی ڕاهێنەران ، ژینگەی ڕاهێنان) هەر تەوەرێکیان (5) بڕگە لە خۆدەگرێت.  دووەم لایەن (توانستەکانی وانەگوتنەوە) یە کە لە چوار تەوەر پێکهاتووە ( بەڕێوەبردنی پۆل ، پلان دانانی ڕۆژانە ، ڕێگاو ئامرازەکانی وانەگوتنەوە ، هەڵسەنگاندن) ، هەر تەوەرێک (5) بڕگە لە خۆدەگرێت، بۆ وەڵامی بڕگەکان پێوەری( لیکارت)ی پێنچ بژاردە خراوەتەڕوو، وەک (زۆر هاوڕام ، هاوڕام ، بێلایەنم ، هاوڕانیم ،  هیچ هاوڕانیم ).

– بۆ ئامادەکردنی  فۆرمی ڕاپرسی چەند هەنگاوێک گیراوەتە بەر  لە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە:

1. ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسیی: دوایی گەران لە سەرچاوە ئەدەبی و توێژینەوەکانی ڕابردوو بۆ سود وەرگرتن لە دارشتن و ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەرەکە سود وەرگیراوە لە هەریەک لە توێژینەوەکانی (الجراح و أبو عاشور.2021 ، القرني و دعرم.2020 ) ، هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەڵ چەند مامۆستایەکی قوتابخانەی بنەڕەتی و چەند مامۆستایەکی ڕاهێنەری سەر بە بەرێوبەرایەتی پەروەردەی ناوەند لە سنوری پارێزگای هەولێر بۆ دڵنیابوونەوە لە لۆژیکیبونی بڕگەکانی پێوەری ئامادەکراو بەشێوەیەکی سەرەتای پێوەرەکە ئامادەکراوە.

2. ڕاستی ئامرازی توێژینەوە: ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوە یەکەم و گرنگترین مەرجە بۆ نیشاندانی ئاستی گونجاوی ئامرازی توێژینەوە (الكبيسي 2010،ل.34 ) بۆ دڵنیابوون لە ئاستی ڕاستگۆیی پێوانەکردنی ئەو لایەنانەی کە پێوەرەکەی بۆ ئامادە کراوە، ڕاستی ڕوکەشی دیاری کراوە کە فۆرمەکانی ڕاپرسیەکە خراوەتە بەردەستی (5)  پسپۆرو شارەزا لە بواری ڕێگاکانی وانەگوتنەوە و مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایان بڕوانە پاشکۆی ژمارە(1)

بۆچوون وپێشنیارەکانیان دەربارەی برگەکانی ڕاپرسیەکان خستووەتەڕوو لەئەنجامدا (٢)برگە لە پێوەری ستراتیژییەتی ڕاهێنان و (٣)برگە لە پێوەری توانستەکانی وانەگوتنەوە ئاستی ڕەزامەندی پێویستیان لەسەر نەدراوە و دورخراونەتەوە، بۆ پەسندکردن و دورخستنەوەی برگەکان پەیرەوی دیاریکردنی ڕێژەی ریکەوتن کراوە، هەروەک بلوم و ئەوانیتر( 1983،ل . 125) ئاماژەیان بۆکردوە (هەربرگەیەک ڕێژەی رێکەوتنی (75%) زیاتر بەدەست بهێنێت، ئەوە بە پێوەرێکی راستی دیاری دەکرێت، برگەی ڕەهەندەکانی پێوەرەکان ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان لە (80%) زیاتر بووە.

3. جێگیری ئامرازی توێژینەوە: بۆ ئەم مەبەستە جێگیری ناوخۆی دیاریکراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئاستی رێکی و یەکانگیری ناوخۆی بڕگەکانی پێوەرەکە چەند ئامرازێک هەیە بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوخۆی یەکێک لەوانە تاقیکردنەوەی ئەلفا کرونباخە (جودة.2008 ل، 297) ، بۆئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسی دابەشکراوە بەسەر (30) نموونە (مامۆستا ، دەستەی کارگێری قوتابخانەکان) بەدەر لە نموونەی سەرەکی توێژینەوە، دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکان هاوکۆلکەی (ئەلفا کرونباخ) بەکارهێنراوە کە لە خشتەی ژمارە (1) خراوەتە ڕوو:

خشتەی ژمارە(1)

دیاریکردنی ئاستی جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوە

| پێوەرەکان | بەهای ئەلفا کرونباخ | کۆی بڕگەکان |
|---|---|---|
| ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان | 0.78 | 20 |
| توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان | 0.88 | 20 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت هەریەک لەم ئەنجامانەی لە تاقیکردنەوە کە بۆ برگەکانی پێوەرەکان ئەنجامدراوە لە ئاستی پەسند کراو دایە و جێگیری پێوەرەکان نیشان دەدات.

### 4.3 جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوە:

دوای ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەشێوەی کۆتایی و ئەنجامدانی رێکاری کارگێری بۆ کاری مەیدانی لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەند لە شاری هەولێر. لە وەرزی یەکەمی خوێندندا فۆرمی ڕاپرسی دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە، دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان خراونەتە ژێر چارەسەری ئاماریی بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ساغکردنەوەی گریمانەکانەکانی توێژینەوە.

### 5.3لایەنی ئاماری بەکارهاتوو:

هەریەک لەم تاقیکردنەوانە لە ریگای بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستەکۆمەڵایەتییەکان (spss) ئەنجام دراوە:

1.بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری وەسفی وەک (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری) بۆ وەڵامی نموونەی توێژینەوە لە هەردوو پێوەری (ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان – توانستی وانەگوتنەوە)

2. تاقیکردنەوەی ئەلفا کرونباخ ((CRONBACH S Alpha بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری ناوخۆیی پێوەرەکانی توێژینەوە.

3.تاقیکردنەوەی تائی(Independent Sample's test) بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆراوی ڕەگەز لە سەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەی پێوەرەکانی توێژینەوە.

4. تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوەکانی (ساڵانی خزمەت-ناونیشانی پیشەیی) ، لەسەر جیاوازی وەڵامی نموونەی تویژینەوە بۆ پێوەرەکانی (ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان – توانستی وانەگوتنەوە).

5.تاقیکردنەوەی پەیوەست بوون (Pearson correlation) بەکارهێنراوە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان وتوانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان.

## 4.خستنەرووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:

**1- خستنەرووی ئەنجامی پەیوەست بە وەڵامی پرسیاری یەکەمی تویژینەوە کە بریتییە لە(ڕۆلی ستراتیژییەتی ڕاهێنان لە ڕوانگەی مامۆستایان و دەستەی کارگێری قوتابخانەکان** ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەریەک لە ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و پلە بەندی و ئاستی هاوڕابوون بۆ لایەنی یەکەم لە پێوەری توێژینەوە کە بریتییە لە(ستراتیژییەتی ڕاهێنان) , کە تەوەرەکانی (ئامانجی ڕاهێنان ، ناوەڕۆکی ڕاهێنان، کارامەیی ڕاهێنەران، ژینگەی ڕاهێنان ) لەخۆدەگرێت، وەک لە خشتەی ژمارە(2) ڕوون کراوەتەوە. بۆ دیاریکردنی ئاستی هاوڕابوون درێژی شانەکانی ریزبەندی پێنجینەی بەکارهێنراوە، لەهەنگاوی ئەکەم دا ماوەی نێوان نزمترین ئاست وبەرزترین ئاست دیاریکراوە (1-5=4) بۆ دیاریکردنی درێژی شانەکان نرخی مەودا دابەش بەرزترین ئاستکراوە ( 4÷5=0,80) بۆ دیاریکردنی ناوەندی شیاو(المرجع) درێژی شانە خراوەتەسەر هەریەک لە بژاردەکان و ئاستیان بۆ مەزەندەکراوە لە خوارەوە خراوەتەروو:

1. لە 1 بۆ 1,80 بریتییە لە ئاستی زۆرلاواز
2. لە 1,81 بۆ 2,60 بریتییە لە ئاستی لاواز
3. لە 2,61 بۆ 3,40 بریتییە لەئاستی ناوەند
4. لە 3,41 بۆ 4,20 بریتییە لە ئاستی بەرز
5. لە 4,21 بۆ 5 بریتییە لە ئاستی زۆربەرز

بە بەراورد کردنی ناوەندی ژمێری بڕگەکان بە ناوەندی شیاو بریار لەسەر ئاستی هاوڕابوونی مامۆستا و کارگێری قوتابخانەکان لەسەر هەریەک لە بڕگەکان دەدرێت و ئاستی هاوڕابونیان بۆ دیاری دەکرێت.

خشتەی ژمارە (2)

لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی و پلە بەندی و ئاستی کاریگەریی تەوەرەکانی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان

| ژ | بڕگەکانی تەوەری (ئامانجی ڕاهێنان) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلە بەندی | ئاستی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەیی و فێرکارییەکانە | 2.78 | 1.106 | 4 | ناوەند |
| 2 | ئامانجی پەرەپێدانی کارامەییەکانی مامۆستایان لە وانەگوتنەوەدا. | 3.11 | 1.194 | 3 | ناوەند |
| 3 | ئامانجەکانی ڕاهێنان گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی کار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە. | 2.46 | 1.185 | 5 | لاواز |
| 4 | ئامانجی ئاشناکردن و ڕاهێنانی مامۆستایانە لەسەر پراکتیک کردنی میتۆدە نوێکانی وانەگوتنەوە | 3.75 | 0.89 | 1 | بەرزە |
| 5 | ئامانجی گەشەپێدانی توانای داهێنانی مامۆستایانە لە بواری گوتنەوەی بابەتە پسپۆرییەکان. | 3.20 | 1.07 | 2 | ناوەند |
| | ناوەڕۆکی ستراتیژییەتی ڕاهێنان | | | | |
| 6 | ناوەرۆکی ئەم پرۆگرامە کار لەسەر ئامادەکردنی | 2.81 | 0.99 | 2 | ناوەند |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستا دەكات لەرووی پەروەردەی و پیشەیەوە. | | | | |
| 7 | نەخشەی ناوەڕۆكی ئەم پرۆگرامە گونجاوە لەگەڵ پێویستییەكانی ئێستاو داهاتووی مامۆستایان. | 3.45 | 0.98 | 1 | بەرزە |
| 8 | ڕەچاوی جیاوازی تاكیەتی نێوان مامۆستایان دەكات. | 2.81 | 0.98 | 3 | ناوەند |
| 9 | میتۆدو شێوازە نوێكانی وانەگوتنەوە خزمەت بە بەرزكردنەوەی توانایی قوتابیان دەكات | 2.70 | 1.15 | 4 | ناوەند |
| 10 | ناوەڕۆكی پرۆگرامەكە گونجاوە بۆ تەواوی پسپۆڕییە جیاوازەكانی مامۆستایان. | 2.26 | 1.16 | 5 | لاوازە |
| لێهاتویی ڕاهێنەران | | | | | |
| 11 | ڕاهێنەران ئامانجی بەشداربوو ڕوون دەكەنەوە لە یەكەم ڕۆژی دەست بەكاربوونیان | 3.16 | 1.01 | 4 | ناوەند |
| 12 | جگە لە ڕوونكردنەوەی لایەنی تیۆری میتۆدەكان بەشێوەی پراكتیكی لە هۆڵی ڕاهێنان جێبەجێ دەكرێت. | 2.85 | 1.14 | 5 | ناوەند |
| 13 | ڕاهێنەر پابەندە بەكات و پرۆگرامی دیاریكراو | 3.73 | 0.89 | 1 | بەرزە |
| 14 | ڕاهێنەر توانای گەیاندنی زانیارییەكانی هەیە. | 3.46 | 0.99 | 2 | بەرزە |
| 15 | ڕاهێنەر باسی شێوەكانی هەڵسەنگاندنی كارامەیە دیداكتیكیەكانی مامۆستایان و فیدباكی قوتابیان دەكات. | 3.45 | 0.98 | 3 | بەرزە |
| ژینگەیی ڕاهێنان | | | | | |
| 16 | كاتی دیاریكراو بۆ جێبەجێ كردنی ستراتیژییەتی ڕاهێنان گونجاوە لەگەڵ قەبارەی كاری داواكراو. | 2.18 | 0.96 | 5 | لاوازە |
| 17 | هۆڵی قوتابخانەكان گونجاون بۆ پرۆسەی ڕاهێنان | 2.53 | 1.24 | 3 | لاوازە |
| 18 | قوتابخانەكان ئامادەكاری دەكەن لە دابینكردنی ئامێر و كەرەستەی پێویست. | 2.75 | 1.15 | 2 | ناوەند |
| 19 | ژینگەی ڕاهێنان گونجاوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی ئەرێنی نێوان ڕاهینەرو مامۆستا و دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەكان. | 2.86 | 1.19 | 1 | ناوەند |
| 20 | لە ژینگەی ڕاهێنان دا ڕەچاوی ئاسودەی دەروونی و جەستەی مامۆستا دەكرێت. | 2.46 | 1.14 | 4 | ناوەند |
| كۆی گشتی ڕەهەندەكان | | 2.90 | 0.31 | ناوەند | |

لەم خشتەی خراوەتە ڕوو كۆی گشتی ڕەهەندەكان ئاستی هاوڕابوون تیایدا ناوەندە، وە تەوەری یەكەم كە بریتییە لە (ئامانجی ڕاهێنان) ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ بڕگەكانی لە نێوان (3.75-2.46) وە بڕگەی چوارەمی (ئامانجی ئاشناكردن و ڕاهێنانی مامۆستایانە لەسەر پراكتیك كردنی میتۆدە نوێكانی وانەگوتنەوە) ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە(3.75) وە ئاستی هاوڕابوون تیایدا بەرزە، بڕگەی سێیەمی كەمترین هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوەی هەیە و لە ئاستی لاوازدایە كە بریتییە لە( ئامانجەكانی ڕاهێنان گونجاوە لەگەڵ

سیاسەتی کار و ڕێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە.)، ئەمەش دەریدەخات کە مامۆستایان پێیان وایە کە ئامانجی ڕاهێنان لەگەڵ سیاسەتی کار و ڕێنمایەکانی وەزارەتی پەروەردە یەکناگرنەوە.

تەوەری دووەم کە بریتییە لە(ناوەڕۆکی پرۆگرام ستراتیژییەتی ڕاهێنان) ناوەندی ژمێرەیی لەنێوان (2.26-3.45) برگەی حەوتەم (نەخشەی ناوەڕۆکی ئەم پرۆگرامە گونجاوە لەگەڵ پێویستییەکانی ئێستاو داهاتووی مامۆستایان.) ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (3.45) هاوڕابوون تیایدا بەرزە، ئەمە دەردەکەویت کە مامۆستایان پییان وایە، ناوەرۆکی ڕاهێنان پێویستییەکانی مامۆستایان بەدی دەهێنیت لە ڕووی پیشەییەوە. برگەی دەیەم (ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە گونجاوە بۆ تەواوی پسپۆرییە جیاوازەکانی مامۆستایان) هاوڕابوون تیایدا لاوازە، واتە ناوەرۆکی پرۆگرامەکە بۆ هەموو پسپۆرییەک ناگونجێت و هەموو مامۆستایەک ناتوانیت وەک و یەک سودی لێ ببینێت.

تەوەری سێیەم بریتییە لە (کارامەیی ڕاهێنەران) ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (-3.73 2.85)، ئەم تەوەرە بەرزترین ئاستی هەیە لە نێوان تەوەرەکان، وە برگەی سێزەهەمین بریتییە لە (ڕاهێنەر پابەندە بەکات و پرۆگرامی دیاریکراو) ناوەندی ژمێرەیی (3.73) ئاستی هاورابوون تیایدا بەرزە.

تەوەری چوارەم بریتییە لە (ژینگەیی ڕاهێنان) ناوەندی ژمێرەیی برگەکانی لەنێوان (2.18-2.86)، نزمترین ئاستی هەیە لەنێوان تەوەرەکاندا، وە برگەی نۆزدەم (ژینگەی ڕاهێنان گونجاوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندی ئەرێنی نێوان ڕاهێنەر و مامۆستا و دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان) ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (2.86) ئاستی هاورابوون تیایدا لە ئاستی ناوەند دایە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاهێنان بووەتە دەرفەتێک بۆ دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان مامۆستایان و ڕاهێنەرو دەستەی کارگێری قوتابخانەکان. هەروەها برگەی شانزەهەم کە بریتییە لە (کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژییەتی ڕاهێنان گونجاوە لەگەڵ قەبارەی کاری داواکراو)هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوە لە ئاستی لاوازدایە .

**2.ئایا جیاوازی لە ئاستی کاریگەر هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە دەربارەی ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان لە ڕوانگەی مامۆستایان و دەستەی کارگێری قوتابخانەکانەوە بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، ناونیشانی پیشەیی).**

- ڕەگەز:

بۆ دیاریکردنی کاریگەریی جیاوازی ڕەگەز لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ ئەنجام دراوە کە لە خشتەی ژمارە(3) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە(3)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ خستنەڕووی کاریگەریی جیاوازی ڕەگەز لە سەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| ڕەهەندەکان | ڕەگەز | دووبارەبوەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | ئاماژەی بەڵگەداری | بەڵگەدار نیە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی ڕاهێنان | نێر | 124 | 2.89 | 0.46 | 0.249 | 0.138 | |
| | مێ | 276 | 2.86 | 0.50 | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە ڕەگەزی نێر ناوەندی ژمێرەیی وەڵامەکانیان بریتییە لە (2.89) و ڕەگەزی مێ

بریتییە لە (2.86) بەهای تائی بریتییە لە (0.249)، ئاماژەی بەڵگەداری بریتییە لە (0.138)، کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری کاریگەر (0.05) ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لەنێوان وەڵامی هەردوو ڕەگەز بۆ بڕگەکانی پێوەری توێژینەوە

- سالانی خزمەت:

بۆ دیاریکردنی کاریگەرییی گۆڕاوی سالانی خزمەت لە جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ بڕگەکانی پێوەری ستراتیژییەتی ڕاهێنان، تاقیکردنەوەی (One way ANOVE) بەکارهێنراوە، وەک لە خشتەکانی ژمارە (4) (5)خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (4)

دووبارە و لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی پۆلێنی گۆڕاوی سالانی خزمەت

| سالانی خزمەت | دووبارەبووەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە (10) ساڵ | 64 | 2.91 | 0.51 |
| لەنێوان (15-10) ساڵ | 128 | 2.96 | 0.44 |
| زیاتر لە (15) ساڵ | 208 | 2.86 | 0.50 |

خشتەی ژمارە (5)

تاقیکردنەوەی (One way ANOVA)بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی سالانی خزمەت لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوارگۆشوکان | نمرەی ئازاد | ناوەنی چوارگۆشەکان | بەهای "ف" | ئاماژەی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی ڕاهێنان | لەنیوان کۆمەڵەکان | 1.152 | 2 | 0.576 | 2.566 | 0.78 | بەڵگەدار نیە |
| | لە ناو کۆمەڵە | 111.549 | 398 | 0.224 | | | |
| | کۆی | 112.700 | 400 | | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە بەهای ف بریتییە لە (2.566) و بەهای ئاماژەی بەڵگەداری بریتییە لە (0.78)، ئەمەش گەورەترە لە ئاستی کاریگەریی (0.05) واتە گۆڕاوی سالانی خزمەت کاریگەریی لەسەر دروستکردنی جیاوازی لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی نییە.

- ناونیشانی پیشەیی:

بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی جیاوازی ناونیشانی پیشەیی لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بەکارهاتوە، وەک لە خشتەکانی ژمارە(6) (7) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە(6)دووبارە و لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی پۆلێنی گۆڕاوی ناونیشانی پیشەیی

| ناونیشانی پیشەیی | دووبارەبووەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەڕێوەبەر | 28 | 3.18 | 0.30 |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەر | 36 | 2.75 | 0.40 |
| مامۆستا | 336 | 2.85 | 0.50 |

خشتەی ژمارە (7)

تاقیکردنەوەی( One way Anova ) بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی ناونیشانی پیشەیی لە سەر جیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوارگۆشوکان | نمرەی ئازاد | ناوەنی چوارگۆشەکان | بەهای "ف" | ئاماژەی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی ڕاهێنان | لەنیوان کۆمەڵەکان | 2.073 | 2 | 1.036 | 2.587 | 0.76 | بەلگەدار نیە |
| | لە ناو کۆمەڵە | 199.11 | 398 | 0.401 | | | |
| | کۆی | 201.184 | 400 | | | | |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت نموونەی توێژینەوەکە لە ڕووی دووبارەبوونەوە جیاوازییان هەیە و بەشێوەی یەکسان دابەش نەبوون، و ناوەندی وەڵامیان بۆ پێوەری توێژینەوەکە جیاوازییەکی کاریگەریی نییە لە ئاستی (0.05)، چونکە ئاماژەی بەڵگەداری بریتییە لە (0.76)ئەمەش گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری، واتا گۆڕاوی ناونیشانی پیشەی کاریگەریی نییە لەسەر جیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ برگەکانی ڕەهەندی ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان، لێرەدا گریمانەی توێژینەوە پەسەند دەکرێت، کە بریتییە لە (نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماژەی ئاماری (0.05) لە نیوان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ تەوەرەکانی ڕەهەندی ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت ، ناونیشانی پیشەی)، ئەمە ش هاو ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی( النعیمی )و توێژینەوەی (الجراح و أبو عاشور )، کە ئاماژە بۆ نەبوونی کاریگەریی ئەم گۆڕاوانە دەکەن لەسەر جیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوە.

### 3. ئاستی توانستی وانەگوتنەوە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە:

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە خشتەی ژمارە(8) خراوەتەڕوو، تیایدا ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و پلەبەندی و ئاستی هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوە بۆ ڕەهەندەکانی پێوەری توانستی وانەگوتنەوە دیاری کراوە.

خشتەی ژمارە(8)

لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی و پلەبەندی و ئاستی هاوڕابوون بۆ ڕەهەندەکانی توانستی وانەگوتنەوە

| ژ | کارامەیی بەڕێوەبردنی پۆل | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | پلە بەندی | ئاستی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستا سود لە ستراتیژییەتی ڕاهێنان وەردەگرێت لە پەرەپیدانی توانای بەڕێوەبردنی پۆل | 2.55 | 1.18 | 5 | لاوازە |
| 2 | بونیاتنانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش. | 3.06 | 1.26 | 3 | ناوەند |
| 3 | پابەندبوونی مامۆستا و قوتانی بەڕێساکانی | 3.18 | 1.11 | 1 | ناوەند |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پۆل، کە پێشتر لەسەری ڕێک کەوتوون . | | | | |
| 4 | مامۆستا کاتەکانی وانەکە بەشێوەیەک دابەش دەکات کە گونجاوبێت لەگەڵ جۆری چالاکییەکان. | 3.16 | 1.23 | 2 | ناوەند |
| 5 | مامۆستا دەرفەتی بەژداریکردن لە چالاکی و کارلێکی دەڕەخسێنێت لە نێوان قوتابیان . | 2.90 | 1.24 | 4 | ناوەند |
| کارامەیی پلاندانانی ڕۆژانە | | | | | |
| 6 | مامۆستا توانای دارشتنی ئامانجەکانی وانەکەی هەیە بەگوێرەی پڕۆگرامی خوێندن | 3.36 | 1.17 | 1 | ناوەند |
| 7 | مامۆستا پلانێکی ڕۆژانە دادەنێت بەسود وەرگرتن لە ناوەرۆکی پرۆسەی ستراتیژییەتی ڕاهێنان. | 3.15 | 1.20 | 3 | ناوەند |
| 8 | میتۆدی گونجاو بۆ گوتنەوەی بابەتی وانەکە دیاری دەکات. | 3.18 | 1.17 | 2 | ناوەند |
| 9 | دابەش کردنی کاتی وانەکان بەسەرتەواوی پێکهاتە سەرەکیەکانی وانەکە ئەنجام دەدات. | 3.01 | 1.22 | 5 | ناوەند |
| 10 | مامۆستا توانای دیاریکردنی ئامرازی هەڵسەنگاندنی گونجاوی هەیە بۆ هێنانەدی ئامانجی وانەکەی. | 3.6 | 1.26 | 4 | ناوەند |
| ڕێگاکانی وانەگوتنەوە | | | | | |
| 11 | مامۆستا لێهاتووە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی فێربوونی کارا(چالاک) لە پۆلدا، بەسود وەرگرتن لە پرسەی ڕاهێنان. | 3.15 | 1.23 | 4 | ناوەند |
| 12 | مامۆستا ڕێگای جیاوازو هەمە جۆر بەکاردەهێنێت بۆ گوتنەوەی وانەکەی لەپۆلدا. | 3.48 | 1.06 | 2 | بەرزە |
| 13 | مامۆستا توانای خستنەرووی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکانی هەیە بەشێوەیەکی سادە و ڕێکخراو. | 4.02 | 0.43 | 1 | بەرزە |
| 14 | لێهاتوی لە بەکارهێنانی چالاکی نا پڕۆگرامی لە پۆلدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی وانەکە. | 3.23 | 1.15 | 3 | ناوەند |
| 15 | مامۆستا توانای گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابیانی هەیە بەئاراستەی وەرگرتنی کارامەیی و شارەزاییە فێرکارییەکان . | 3.05 | 1.20 | 5 | ناوەند |
| هەڵسەنگاندن | | | | | |
| 16 | مامۆستا توانایی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندی (پاشەکی)هەیە لە کۆتایی وەرزی خوێندن دا | 3.15 | 1.14 | 1 | ناوەند |
| 17 | مامۆستا سود لە پڕۆگرامی ڕاهێنان | 2.93 | 1,98 | 3 | ناوەند |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | وەردەگرێت لە ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئامرازو شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابییان . | | | | |
| 18 | مامۆستا توانای دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی گرفت و خاڵی لاوازی قوتابیانی هەیە | 3.11 | 1.29 | 2 | ناوەند |
| 19 | مامۆستا لێهاتووە لە ئاراستەکردنی پرسیاری هەمە جۆرو فیدباکی گونجاو بۆ وەڵامی قوتابیان . | 2.42 | 1,82 | 4 | لاوازە |
| 20 | مامۆستا کارامەیەلە دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان بۆ بابەتی وانەکە | 2.30 | 2.7 | 5 | لاوازە |
| کۆی گشتی ڕەهەندەکان | | 3.33 | 0.83 | ناوەند | |

لە خشتەی ژمارە(8)، دەرکەوتوە، کە تەوەری (کارامەیی بەڕێوەبردنی پۆل) ناوەندی ژمێرەیی لە نێوان (3.18– 2.55 )دایە، وە برگەی سێیەم (پابەند بوونی مامۆستا و قوتابی بەڕێساکانی پۆل، کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتوون .) لە ریزبەندی یەکەم دایە و هاوڕابوون لە ئاستی ناوەند دایە، هەروەها برگەی یەکەم (مامۆستا سود لە ستراتیژییەتی ڕاهێنان وەردەگرێت لە پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبردنی پۆل) ئاستی هاوڕابوون تیایدا لاوازە، ئەمەش دەری دەخات کە مامۆستایان لە لایەنی بەڕێوەبردنی پۆل سودیان لە ستراتیژییەتی ڕاهێنان وەرنەگرتووە، ئەمەش بەهۆی جەختکردنەوەی ڕاهێنان لە ساڵی یەکەمیدا لەسەر ئاشناکردنی مامۆستایان بە میتودە نوێکانی وانەگوتنەوە بووە.

تەوەری دووەم(کارامەیی پلاندانانی ڕۆژانە) ناوەندی ژمێرەیی لە نێوان (3.01–3.36) بووە، برگەی شەشەم (مامۆستا توانای دارشتنی ئامانجەکانی وانەکەی هەیە بەگوێرەی پرۆگرامی خوێندن)، هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوە لە ئاستی ناوەنددایە و ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە لەم تەوەرەدا، و برگەی نۆیەم (دابەشکردنی کاتی وانەکان بەسەر تەواوی پێکهاتە سەرەکیەکانی وانەکە ئەنجام دەدات.) هەرچەندە ئاستی هاوڕابوون تیایدا ناوەندە، بەڵام ریزبەندی پێنجەمی هەیە لە نێوان برگەکانی ئەم تەوەرەیەدا.

سەبارەت بە برگەکانی تەوەری سێیەم (ڕێگاکانی وانەگوتنەوە) ناوەندی ژمێرەیی لەنێوان (3.05–4.02) دایە، تەوەری سێزدەهەم (مامۆستا توانای خستنەڕووی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکانی هەیە بەشێوەیەکی سادە و ڕێکخراو) هاوڕابوون لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش کارامەیی مامۆستایان دەردەخات لە لێهاتووییان بۆ خستنەرووی بابەتی رۆژانە بۆ قوتابیان هەروەها برگەی دوانزە (مامۆستا ڕێگای جیاوازو هەمە جۆر بەکاردەهێنێت بۆ گوتنەوەی وانەکەی لەپۆلدا.) ئاستی هاوڕابوون تیایدا بەرزە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لێهاتوویی مامۆستایان لە بەکارهێنانی ڕێگاو مێتۆدە جیاوازەکان لە پۆلدا، برگەی پانزەم(مامۆستا توانای گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابیانی هەیە بە ئاراستەی وەرگرتنی کارامەیی و شارەزاییە فێرکارییەکان)، هەرچەندە هاوڕابوون تیایدا لە ئاستی ناوەند دایە، بەڵام ڕیزبەندی کۆتایی گرتووە لە نێوان برگەکاندا.

کۆتا تەوەرکە بریتییە لە(هەڵسەنگاندن) ناوەندی ژمێرەیی لەنیوان (2.30–3.15)دایە، بەرزترین ئاستی هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوە لەسەر برگەی شانزەهەم بووە، کە بریتییە لە (مامۆستا توانایی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی (پاشەکی)هەیە لە کۆتایی وەرزی خوێندندا)، ئاماژەیە بۆ کارامەیی مامۆستایان لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی پاشەکی، هەروەها برگەی بیستەم (مامۆستا کارامەیەلە دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان بۆ

بابەتی وانەکە)، هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوە بۆ ئەم برگەیە لە ئاستی لاوازدایە، ئەمەش ئەم ڕاستییە دەردەخات، کە مامۆستیان کارامەیی پێویستیان نییە بۆ هەڵسەنگاندنی قوتابیان بۆ دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنیان لە ناو پۆلدا.

**4.ئایا جیاوازی لە ئاستی کاریگەریی (0.05) هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی نموونەی توێژینەوە دەربارەی ئاستی توانستی وانەگوتنەوە لەڕوانگەی مامۆستایان و دەستەی کارگێری قوتابخانەکان بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، ناونیشانی پیشەیی).**

- ڕەگەز:

بۆ دیاریکردنی کاریگەریی جیاوازی ڕەگەز لە سەر وەڵامی نموونەی تویژینەوە، تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو کۆمەڵەی سەربەخۆ ئەنجام دراوە ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە (9) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە(9)تاقیکردنەوەی تائی بۆ دیاریکردنی کاریگەریی ڕەگەز لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| ڕەهەندەکان | ڕەگەز | دووبارەبوەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | ئاماژەی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توانستەکانی وانەگوتنەوە | نێر | 124 | 2.68 | 0.96 | -3.026 | 0.004 | کاریگەرە |
| | مێ | 276 | 3.41 | 0.85 | | | |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت، کە جیاوازی هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەز لە وەڵامیان بۆ برگەکانی پێوەری توانستی وانەگوتنەوە، ئەم جیاوازییە لە ئاستی ( 0.004)، ئەمەش بچوکترە لە (0.05) ئاماژەی بەڵگەداری کاریگەریی جیاوازی ڕەگەز نیشان دەدات لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدا، چونکە ناوەندی ژمێرەییان بریتییە لە (3.41) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی وەڵامی ڕەگەزی نێر بۆ برگەکانی پێوەرەکە.

- ساڵانی خزمەت:

بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لە سەر جیاوازی وەڵامی نموونەی تویژینەوە بۆ برگەکانی پێوەری (توانستی وانەگوتنەوە تاقیکردنەوەی (One way ANOVA)بەکارهێنراوە، لە خشتەکانی ژمارە(10) (11) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (10)

دووبارە و لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی پۆلینی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| ساڵانی خزمەت | دووبارەبوەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە (10) ساڵ | 64 | 3.173 | 0.637 |
| لەنێوان (10-15) ساڵ | 128 | 3.218 | 0.72 |
| زیاتر لە (15) ساڵ | 208 | 3.158 | 1.127 |

خشتەی ژمارە(11)

تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەسەر جیاوازی وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوارگۆشوکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشەکان | بەهای "ف" | ئاماژەی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توانستی وانەگوتنەو | لەنیوان کۆمەڵەکان | 0.3320 | 2 | 0.166 | 0.29 | 0.74 | بەڵگەدار نیە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | له ناو کۆمەڵە | 276,789 | 398 | 0.557 | | | |
| | | 277.116 | 400 | | | | |

لەم خشتەیە دەرکەوتووە، کە ئاماژەی بەڵگەداری بریتییە لە( 0.74)، ئەمەش گەورەترە لە (0.05) ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە ئاستی بەڵگەداری لەنێوان وەڵامی نموونەی توێژینەوەیە بەگوێرەی گۆڕاوی سالانی خزمەت.

- ناونیشانی پیشەیی:

بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی جیاوازی ناونیشانی پیشەیی لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بەکارهاتوە، وەک لە خشتەکانی ژمارە (12) (13) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە ( 12)

دووبارە و لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی پۆلێنی گۆراوی ناونیشانی پیشەیی

| ناونیشانی پیشەیی | دووبارەبوەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| بەرێوەبەر | 28 | 3.18 | 0.30 |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەر | 36 | 2.75 | 0.40 |
| مامۆستا | 336 | 2.85 | 0.50 |

خشتەی ژمارە(13)

تاقیکردنەوەی (One way ANOVA) بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی ناونیشانی پیشەیی لە سەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوارگۆشوکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشەکان | بەهای "ف" | ئاماژەی بەڵگەداریی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توانستی وانەگوتنەوە | لەنیوان کۆمەڵەکان | 3.592 | 2 | 1.796 | 5.026 | 0.057 | کاریگەر نیە |
| | لە ناو کۆمەڵە | 177.57 | 398 | 0.357 | | | |
| | | 181,171 | 400 | | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت، کە بەهای (ف) بریتییە لە (5.026) و ئاماژەی بەڵگەداریی بریتییە لە (0.057) گەورەترە لە ئاستی کاریگەریی (0.05)، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی کاریگەریی گۆڕاوی ناونیشانی پیشەی نیشان دەدات بۆ برگەکانی پێوەری توانستی وانەگوتنەوە.

لێرەدا گریمانەی تویژینەوە پەسەند دەکریت بۆ هەردوو گۆڕاوەکانی سالانی خزمەت و ناونیشانی پیشەیی، کە کاریگەرییان نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لەسەر وەڵامی نموونەی تویژینەوە، بەڵام گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت بۆ کاریگەریی گۆراوی ڕەگەز لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ ڕەهەندەکانی توانستی وانەگوتنەوە.

### 5. ئایا پەیوەندی لە نێوان ڕاهێنانی مامۆستایان و پەرەپێدانی توانستەکانی وانەگوتنەوە هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و سەلماندنی گریمانەی توێژینەوە، تاقیکردنەوەی پەیوەستبوونی پێرسون بەکارهێنراوە، ئەنجامەکەی لە خشتەی ژمارە (14) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (14)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی پەیوەست بوون ( Pearson) بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنان و توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان

| ڕەهەندەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەستی | ئاماژەی بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ستراتیژییەتی ڕاهێنان | 2.90 | 0.531 | 0.390** | 0.002 | کاریگەرە |
| توانستی وانەگوتنەوە | 3.33 | 0.830 | | | |

خشتەی ژمارە( 14) دەریدەخات، کە ئاماژەی بەڵگەداری ئاماری بریتییە لە (0.002)، ئەمەش بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) , کەواتە پەیوەندی هەیە لە نێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و توانستی وانەگوتنەوە، هەروەها بەهای پەیوەست بوون بریتییە لە (**0.390) لەنێوان (+1–0) دایە بەڵگەی بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە ئاستێکی لاواز نیشان دەدات، لێرەدا گریمانەی سفری توێژینەوە ڕەت دەکریتەوە، کە بریتییە لە (نەبوونی پەیوەندی لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ستراتیژییەتی ڕاهێنان و توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان ) گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لە ئاستی لاواز هەیە

## 5. ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

### 1.5ئەنجامی توێژینەوە:

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانەی خراونەتەڕوو و گفتوگۆ کراون چەند خاڵێکی سەرەکیمان بۆ دەردەکەوێت وەک دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت:

1. ئاستی هاوڕابووونی مامۆستایان سەبارەت بە ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان لە ئاستێکی ناوەندی دایە، تەوەری چوارەمی تایبەت بە (کارامەیی ڕاهێنەران) بەرزترین ئاستی هاوڕابوونی لەسەرە بە بەراورد بە تەوەرەکانی تر و تەوەری (ژینگەیی ڕاهینان) نزمترین ئاستی هاوڕابوونی نموونەی توێژینەوەی هەیە.

2. ئاستی هاوڕابوونی مامۆستا و کارگێری قوتابخانەکان دەربارەی پێوەری دووەمی توێژینەوەکە (توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان) ئاستی هاوڕابوون تیایدا لە ئاستی ناوەند دایە، تەوەری تایبەت بە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە بەرزترین ئاستی هاوڕابونی نموونەی توێژینەوە نیشان دەدات، ئەمەش دەری دەخات پرۆسەی ستراتیژییەتی ڕاهێنان کاریگەریی هەیە لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی مامۆستایان سەبارەت بە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە. هەروەها تەوەری ( کارامەیی هەڵسەنگاندن ) ئاستی هاوڕابوون تیایدا نزمە بە بەراورد بە تەوەرەکانی تری ئەم ڕەهەندە.

3. هەریەک لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، سالانی خزمەت، ناونیشانی پیشەیی) کاریگەریی بەڵگەداری نییە لەسەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە دەربارەی برگەکانی پێوەری یەکەمی و دووەمی توێژینەوە، بەڵام گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەریی بەڵگەداری هەبوو لە سەر وەڵامی نموونەی توێژینەوە بۆ برگەکانی پێوەری دووەمی توێژینەوە (توانستی وانەگوتنەوە) ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدا بووە.

4. بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی لە ئاستی لاواز لە نێوان ڕۆڵی ستراتیژییەتی ڕاهێنان لەسەر گەشەپێدانی توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان.

### 2.5ڕاسپاردەکان:

1. کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگ و گرفتەکانی پرۆسەیی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان، بۆئەوەی کاریگەریی بەهێزتری لە سەر گەشەپێدانی توانستی وانەگوتنەوەی مامۆستایان هەبێت.

2.بایەخدان بە پرۆسەی ڕاهێنان لە ماوەی خزمەتدا بۆ مامۆستایانی قۆناغەکانی تری خوێندنی (ئامادەیی ، باخچەی

منداڵان).

3.پێداچوونەوەی بەردەوام بە پلان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕاهێنان، بۆئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستتی پیشەیی مامۆستایان لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

4. پەرەپێدان بە لایەنی پسپۆری و زانستی لە ڕێگایی پێشکەشکردنی سیمنار لە نێوان مامۆستایان بۆ باشترکردنی توانای زانستی و پسپۆرییان.

## 3.5 پێشنیازەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاراستەی مامۆستایان دەربارەی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی لێهاتوویی پیشەیی مامۆستایان.

2.ئەنجامدانی تویژینەوە دەربارەی ڕۆلی ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان لە گەشەپێدانی بەکارهێنانی فێربوونی کارا لە وانەگوتنەوەدا.

### لیستی سەرچاوەکان بە زمانی (کوردی، عەرەبی ، ئینگلیزی) :

#### بەزمانی کوردی:


- ڕسول،أ.(2017)  پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی. چ 1،هەولێر:دەزگایی چاپ و پەخشی نارین .
- محمد ، أ. (2021) ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لەسەردەی تەکنەلۆژیادا، سلێمانی:ماڵی ڕاستی .دەزگای ڕوانگە.
- محمد،ک. حەمەئەمین،ئ.،ئاماژە پەروەردەییەکان لەدەقی شانۆی منداڵاندا (2022) گۆڤاری زانکۆبۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (26) ل.207-195
- وەزارەتی پەروەردە(2023) ستراتیژییەتی ڕاهێنانی مامۆستایان:ڕێبەری مامۆستای ڕاهێنەر{ئۆنلاین}دەستدەکەوێت لە www.kurdistanpl.comبەرواری سەردانکردن (6/9/2024).


#### بەزمانی عەرەبی:


- ألفرا،ر . (2013)تقويم البرنامج تدريب المعلمين أثناء الخدمة في التعليم الاساسي بمدارس، رسالة ماجستيرمتقدم الى كلية التربيه جامعه الازهر،غزه فلستين.
- الجراح،و. أبو عاشور،خ. (2020) دور فاعلية البرنامج التدريبية للمعلمين الجديد و علاقتها في تحسين أدائهم من وجهة نظر المشرفين و المديرين و المعلمين في الدارس محافظه أربد، مجله الدوليه لدراسات التربوية والنفسية، مجلد 9(2)ل .429-445
- الجقندي،ع. (2008) دليل المعلم العصري في التربية و طرق التدريس.ط١، ديمشق: دار قتيبة.
- الكبيسي،و. (2010) القياس النفسي التنظير و التطبيق.ط1.بغداد:مصرمرتظي للكتاب.
- السمور،ر.(2006)دور البرنامج المدرسية وحدة تدريب في نموه المهنى المعلمين ،مجلة الجامعةالاسلامية ، مجلد 24(2) ص483-465.
- الخولي،ص. (2015) الاتجاهات المعاصره في نظم التدريب المعلمين، دسوق: دار العلم و الايمان للنشروالتوزيع.
- القرني،ع. دعرم،س.(2020) البرامج التدريبية علي رأس العمل ودورها في الرفع من كفاءة المعلم في المملكي العربيية السعودية، مجلة الالكترونيةالشاملة متعددة التخصصات،مجلد. ص64-42
- النعيمي،س. (2020) دور الدورات التدريبية لمعلمي الصفوف الاولي في تنمية المهارات التدريس الفعال من وجهة النظر معلمين انفسهم في ضوء بعض المتغيرات، رساله ماجستير(غير منشوره) ، جامعة الشرق الاوسط-الاردن.
- العرنوسي، ض. (2016)معلم المدرسة الاساسية. عمان : دار الرضوان للنشر و التوزيع.
- الطعاني،ح .( 2010)التدريب الادارى المعاصر، عمان: دار الميسره للنشروالتوزيع.
- بلوم،ب.ا.(1983)تقييم تعليم الطالب التجميعى او التكوينى،ترجمةمحمد المفتى واخرون. القاهره:دارماكيروهيل
- جودة،م.(2008) التحليل الاحصائى الاساسى باستخدامspss. ط١.عمان:دار وائل للنشر والتوزيع.
- تمام، ش. طه،أ . (2013) التنمية المهنية للمعلم. ط 1 . القاهرة: المكتبة العصرية.
- رشيد،ع.(2005)كفايات الاداء التدريسي. ط1 .القاهرة:دار الفكر العربي
- حسانين،ع(2008) متطلبات تطوير الأشراف التربوى في المرحلة الثانويه بمحافظات غزه في ضوء الاتجاهات المحاصرة ، رسالة ماجستير، جامعة الأزهر-غزه
- سبيتان، ف.(2014) التدريس الفعال و المعلم الذي نريد. عمان :دار الجنادريةللنشر و التوزيع.

– سلامة،ح.(1993) طرق التدريس الرياظيات بين النظرية و التطبيق. ط1. القاهرة: دار الفجر للنشر و التوزيع.
– شحاتة،ح. النجار،ز. عمار،ح (2003) محجم المصطلحات التربوية و النفسية. ط1 ،القاهرة: دار المصرية البنانية.
– عبدالله،ع.(2011) منهج البحث العلمي و كتابة الرسائل الجامعية. ط2 . الرياض: دار التوحيد.
– غبرة،ش.(2023) كفاءة الاداء التدريسي لدى معلمي التربية الرياضية للرياضه المدرسية،مجله الجمعية الليبياللعلوم التربية والانسانية،مجلد-554 566.2

**بەزمانی ئینگلیزی:**

- Alfaidi, S. Elhassan, F.(2020) The Role of In- Service Training Programs in Teacher Development, International Journal of learning and Teaching ,Vol.6(3), 191-195. www.ijlt.org .
- Jiangang, C. Wei, H . Qian, Z. Shuyan, W. (2024) Handbook of Teaching Competency Development in Higher Education. Singapore, Springer nature, (Online) https://doi.org
- Osamwonyi, E . (2016) In serves Education of Teachers; Overview, Problems and the way forward, Jornal of Education and practice, vol.7, no 2. P80-85.

پاشکۆی(1)

| ژ | ناو | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|
| 1 | د.م ئەردەلان لتيف عبدوالقادر | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی سەلاحددین.ک. بنەرەت |
| 2 | م،د.شێرزاد علي احمد | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی گەرمیان. ک .بنەڕەت |
| 3 | م.د خالد الياس بشير | فەلسەفەی پەروەردە | زانکۆی زاخۆ.ک بنەڕەت |
| 4 | م. ئيدريس محمد رظا | ڕاهێنەری پەروەردەی | بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی هەولێر |
| 5 | م. سالار فائق كريم | ڕاهێنەری پەروەردەی | بەڕێوبەرایەتی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی هەولێر |

علاقة استراتيجية التدريب المعلمين دوروها في تنمية كافاءت التدريسى من وجهة نظر المعلمين و الاداريين في المدارس مركز محافظة اربيل

رنكين صديق بكر
قسم العلوم الاجتماعيات- كلية التربية الاساسية- جامعة حلبجة/حلبجة-اقليم كردستان-عيراق
rangin.bakr@uoh.edu.iq

أميره حسين شريف
قسم العلوم الاجتماع.كلية التربية الاساسية,جامعة صلاح الدين-أربيل إقليم كردستان,العراق
Ameera.Shareef@su.edu.krd

**الملخص**

هدف من هذه الدراسة معرفة علاقه استراتيجية التدريب المعلمين و دوريها في تنمية كافاءت التدريسى من وجهة نظر المعلمين و الاداريين في المدارس، استخدمت منهج الوصفي الارتباطي، مجتمع هذه الدراسة يتكون من معلم و الاداريين في حدود مديريه التربية المركزيه في مدينة اربيل و تم اختيار (400)عينه منها. تكونت أداة الدراسة (الاستبيان) من جزئين، الجزء الأول (دور استراتيجيه التدريب) و الجزء الثانى (كافاءت التدريسى) حيث اشتملت كل واحد منها (20)فقره موزعة على أربعة مجالات، أشارت نتائج الدراسة على وجود علاقه ايجابيه بين دور استراتيجيه التدريب المعلمين علي تنمية كافاءت التدريسى ، كما و أظهرت فروق تعزى لمتغير الجنس لصالح الإناث في كافاءت التدريسى ، وعدم الوجود فروق دال الإحصائي في المتغيرات (سنوات الخدمة و المسمي الوظيفي) في دور الستراتيجيه التدريب و كافاءت التدريسى ,وأوصت الدراسة على تقديم سيمنارات من قبل المعلمين لتنميه و تحسين مستوه العلمي والتخصصي.

**الكلمات المفتاحية** ؛التدريب أثناء الخدمة، استراتيجية التدريب، الكفاءة التدريسى، المعلم، مدير المدارس.

**The Relationship Between the Strategic Training of Teachers and Their Role in Developing Teaching Competencies from the point of view of Teachers and Administrators in the Schools of the Center of Erbil Governorate**

**Rangin Sadeeq Bakr**
Department of Social Sciences -College of Basic Education -Halabja University /Halabja-Kurdistan Region- Iraq
rangin.bakr@uoh.edu.iq

**Ameera Hussein Shareef**
Department of Social Sciences, College of Basi Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ameera.Shareef@su.edu.krd

**Abstract**

The aim of this study is to know the relationship between the strategic training of teachers and their role in developing teaching competencies from the point of view of teachers and administrators in the schools. The descriptive correlational approach was used. The community of this study consists of teachers and administrators within the boundaries of the Central Education Directorate in Erbil city, and (400) samples were selected from them. The study tool (questionnaire) consisted of two parts, the first part (the role of the training strategy) and the second part (teaching Competencies), each of which included (20) paragraphs distributed over four areas. The results of the study indicated the existence of a positive relationship between the role of the teacher training strategy on developing teaching Competencies, and showed differences attributed to the gender variable in favor of females in teaching Competencies, and the absence of statistically significant differences in the variables (years of service and job title) in the role of the training strategy and academic efficiency. The study recommended that seminars be provided by teachers to develop and improve their scientific and specialized level.

**Key words**: In-service training, Training Strategy, Teaching Competencies, Teacher, Administrators in Schools.